گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/8yqzyj70

ڕێــكەوتــی وەرگــرتــن: 30/01/2024
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 26/06/2024
ڕێكەوتی بڵاوكردنەوە: 29/10/2025

# بەراوردی ئەلفوبێی ڕۆژنامەی كوردستان لەگەڵ ئەلفوبێی ئێستای زمانی كوردی

**شكر محمد صالح**

Shukur.saleh@su.edu.krd

بەشی زمانی كوردی، كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر، كوردستان، عێراق.

**پوختە**

توێژینەوەكە بەناونیشانی (بەراوردی ئەلفوبێی ڕۆژنامەی كوردستان لەگەڵ ئەلفوبێی ئێستای زمانی كوردی)، كە تیایدا بەراورد لەنێوان ژمارە (1)ی ڕۆژنامەی كوردستان لەگەڵ ئەلفوبێی نوسینی ئێستای زمانی كوردی بەنمونە ئەلفوبێی ئەكادیمیای كوردی كاری لەسەر كراوە، باس لە ڕۆڵی ئەلفوبێی زمانی كوردی دەكات لە بواری ڕۆژنامەگەریدا، كەتیایدا ئەلفوبێی نوسینی ڕۆژنامەی كوردستان خراوەتەڕو لەم سەردەمەدا نوسین چۆن بوە و چ جۆرە ئەلفوبێیەك بەكارهاتوە؟ ئەگەرچی ئەلفوبێیەكە هەمان ئەلفبێی ئێستای زمانی كوردییە، بەڵام جیاوازیی لەبەكارهێنانەكەیدا هەیە، كە هۆكاری ئەم جیاوازییە بۆ كاریگەرییەكانی زمانی بێگانە دەگەڕێتەوە بەتایبەت زمانی عەرەبی. ڕۆژنامەی كوردستان یەكەم هەنگاوی نوسینی ئەكادیمی بواری ڕۆژنامەگەری كوردییە، كەچی تا ئەوساش ڕزگاری نەبوە لە كاریگەری ئەلفوبێی زمانی عەرەبی. ئەوەی لە توێژینەوەكە بەئەنجام گەیشتوە ئەوەیە، كە ئەو ئەلفوبێیەی ڕۆژنامەی كوردستانی پێنوسراوە، لەلایەك لەژێر هەژمونی زمانی عەرەبی بوە، لەلایەكی ترەوە كە زۆرگرنگە بخرێتەڕو ئەوەیە، كە ڕۆژنامەی كوردستان كەڵكی لەئەلفوبێی زمانی عەرەبی وەرگرتوە بۆ پڕكردنەوەی كەلێنەكانی ئەلفوبێی زمانی كوردی لەو سەردەمە، بەشێوەیەك سودی وەرگرتوە، كە پیتەكانی زمانی عەرەبی خستۆتە ژێر كاریگەری یاساكانی زمانی كوردییەوە، بەمەش نوسینێكی كوردانەی بەرهەمهێنانەوە، كە بۆ ئەو سەردەمە وەرچەرخانێكی گرنگ بوە لەزمانی كوردیدا. توێژینەوەكە دو بەشی تیۆری پراكتیكی لەخۆگرتوە، لەكۆتاییدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەكان و پاشكۆ خراوەتەڕو.

بەشی یەكەم: لەپێنج تەوەرە پێكهاتوە: تەوەرەی یەكەم چەمك و پێناسەی ئەلفوبێ، تەوەرەی دوەم ئەلفوبێ و پەیوەندی بە نەژادی زمان، تەوەرەی سێیەم مێژوی ئەلفوبێی كوردی، تەوەرەی چوارەم جۆرەكانی ئەلفوبێی زمانی كوردی، تەوەرەی پێنجەم مێژوی ئەلفوبێی زمانی كوردی و قۆناغەكانی.

بەشی دوەم لەشـەش تەوەرە پێكهاتوە: تەوەرەی یەكەم كورتەیەك لە مێژوی ڕۆژنامەی كوردسـتان، تەوەرەی دوەم كات و شوێنی دەرچونی و چاپخانەو خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەری ڕۆژنامەی كوردستان، تەوەرەی سێیەم ڕۆڵی زمانی كوردی لە ڕۆژنامەی كوردسـتاندا، تەورەی چوارەم ئەلفوبێی نوێی ئێسـتای زمانی كوردی، تەوەرەی پێنجەم پیتەكانی ئێسـتای زمانی كوردی كە لە ڕۆژنامەی كوردستاندا هەیە. تەوەری شەشەم ئەوپیتانەی كە لەزمانی كوردیدا نین.

**كلیلە وشەكان:** زمان، ئەلفبێ، ڕۆژنامە، بەراورد، پیت.

# Comparison Study of Kurdish Language Alphabet to the Kurdistan Newspaper and the Current Form of Kurdish Language

**Shukur mohammed saleh**
Kurdish language, College of Basic Education, Salahadin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract**
The research which is entitled (A Comparison Study of Kurdish Language Alphabet with reference to the Kurdistan Newspaper and the Current Form of Kurdish Language) compares between the first issue of Kurdistan newspaper with the current writing alphabet of Kurdish language, for example, Kurdish Academy alphabet. The study discusses the role of the Kurdish alphabet in the field of journalism. Including the writing alphabet system, Kurdistan newspaper alphabet has been presented in this period and questions such as how writing system was and what kind of alphabetic system was used have been shown. Although the alphabet is the same as the current Kurdish alphabet, there are many differences, which are due to the influence of foreign languages, especially Arabic. Kurdistan newspaper is the first step in academic writing in Kurdish journalism, but it has not been freed from the influence of the Arabic alphabet. The alphabet used to write the Kurdistan newspaper was dominated by Arabic on the one hand, and on the other hand, as it is important to note that Kurdistan newspaper made use of the Arabic alphabet to fill the gaps in the Kurdish alphabet at that time. It used the Arabic letters in a way that influenced the rules of the Kurdish language, thus, producing a codified writing that was an important turning point in the Kurdish language at that time. The paper consists of two parts: practical, theory, conclusions, list of sources and appendix: Section one consists of five topics: - The first topic is the concept and definition of the alphabet, the second topic is the alphabet related to the ethnicity of the language, the third topic is the history of the Kurdish alphabet. Section two consists of six topics: - The first topic is a brief history of Kurdistan newspaper, the second topic is the time and place of publication, printing house, owner and editor of Kurdistan newspaper, the third topic is the role of Kurdish language in Kurdistan newspaper Kurdish in Kurdistan newspaper. The sixth topic is the letters that are not in Kurdish.

**Keywords**: Language, Alphabet, Newspape, Comparative. Character.

## پێشەکی

**ناونیشـانی توێژینەوە:** ناونیشـانی توێژینەوەکە بریتییە لە (بەراوردی ئەلفوبێی نوسـینی ڕۆژنامەی کوردسـتان لەگەڵ نوسینی ئێستای کوردی).

**کەرەسـتەی توێژینەوە:** کەرەسـتەی توێژینەوەکە بریتییە لە بەراوردکردنی ئەلف و بێ لە ژمارە یەکی ڕۆژنامەی کوردستان لەگەڵ ئەلفوبێی ئیستای زمانی کوردی (ئەکادیمیای کوردی).

**ڕێبازی توێژینەوە:** ڕێبازی توێژینەوەکە بریتییە لە ڕێبازی وەسـفیی بەراوردکاری بەو واتایەی بەراوردکردنی ئەلفوبێی ڕۆژنامەی کوردستان (ژمارە یەکی ڕۆژنامەی کوردستان) لەگەڵ ئێستای زمانی کوردیدا (ئەلفوبێی ئەکادیمیای کوردی).

**گرنگی توێژینـەوە:** گرنگی ئـەم توێژینـەوە لـەوەدایـە دو شـێوازی نوسـین بـەراورد دەکات، لـە ڕێگـەی ئـەلفوبێی نوسینەکانیانەوە.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانج لەئەنجامدانی ئەم توێژینەوە خسـتنەڕوی دو شـێوازی نوسـینە، بەراوردکردنیانە لە ڕێگەی ئەو پیتانەی بۆ نوسین کەڵکیان لێوەرگیراوە، دیارخستنی لایەنی لێکچون و جیاوازییان.

**کێشـەی توێژینەوە:** کێشـەی توێژینەوەکە بریتییە لە تیشك خستنەسەر ئەلفوبێی نوسین لە یەکەم هەنگاوی نوسینی ڕۆژنامەوانی لە ڕۆژنامەی کوردستاندا.

**ناوەڕۆکی توێژینەوە:** ناوەڕۆکی توێژینەوەکە لە پێشـەکییەك و دوبەش پێکهاتوە، بەشی یەکەم: لەپێنج تەوەرە پێکهاتوە: تەوەرەی یەکەم چەمك و پێناسـەی ئەلفوبێ، تەوەرەی دوەم ئەلفوبێ و پەیوەندی بە نەژادی زمان، تەوەرەی سـێیەم مێژوی ئەلفوبێی کوردی، تەوەرەی چوارەم جۆرەکانی ئەلفوبێی زمانی کوردی، تەوەرەی پێنجەم مێژوی ئەلفوبێی زمانی کوردی و قۆناغەکانی.

بەشی دوەم لەشەش تەوەرە پێکهاتوە: تەوەرەی یەکەم کورتەیەك لە مێژوی ڕۆژنامەی کوردستان، تەوەرەی دوەم کات و شـوێنی دەرچونی و چاپخانە و خاوەن ئیمتیاز و سـەرنوسـەری ڕۆژنامەی کوردسـتان، تەوەرەی سـێیەم ڕۆڵی زمانی کوردی لەڕۆژنامەی کوردسـتاندا، تەورەی چوارەم ئەلفوبێی نوێی ئێسـتای زمانی کوردی، تەوەرەی پێنجەم پیتەکانی ئێسـتای زمانی کوردی کە لە ڕۆژنامەی کوردسـتاندا هەیە. تەوەری شـەشـەم ئەو پیتانەی کە لەزمانی کوردیدا نین. لە کۆتاییدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆ خراوەتەڕو.

## بەشی یەکەم

### 1-1: چەمك و پێناسەی ئەلفبێ:

ئەم وشەیە (ئەلفبێ) شرۆڤەی زۆری بۆ کراوە، هەندێك دەڵێن وشەیەکی عیبرییەو لە (Alpha)و (Bet) وەرگیراوە. هەندێکی تر دەڵێن لەوشـەی (Alphabetum) لاتینی هاتۆتە ناو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی. کاتی خۆی ڕۆمانەکانیش لە وشـەی(Alphabettos) یۆنانی کۆن دایانتاشـیوە، هەروەها یۆنانییەکانیش لە دو وشـەی (Alpha) واتە (گا) و (Bet)واتە (ماڵ)ی فینیقییەوە وەریانگرتوە (ناوخۆش، سەلام و ئەوانی تر: 2010: 191). هەر میللەتێك ئەلفوبێیەکی تایبەت بە خۆی هەیە، هەر گەلێك پیتی سـتاندەری تایبەت بە زمانەکەی هەیە، پیتی سـتاندەر ئەو پیتانەن، کە خوێندەوارانی ئەو زمانە دانییانپێناوە و لە نوسـین بەکاریدەهێنن و دەیانناسـنەوە (ناوخۆش، سـەلام و ئەوانی تر: 2016: 90). دروسـتبونی وشـەکە لەزمانی کوردی ئاماژە بۆ دو پیتی یەکەم و دوەمی پیتەکانی زمانی کوردی دەکات. ئەلفوبێ

بریتییەلە وێنەی نوسینی دەنگەکانی زمان، هۆیەکی ئاسانکارە بۆ خوێندنەوە و نوسین (ئەکادیمیای کوردی:2009: 10)، بیرۆکەکان لەڕێگەی دەنگەکان (پیتەکان)ی زمانەوە گۆدەکرێن و دەنوسرێنەوە. چونکە ئەلفوبێ کلیلی خوێندنەوە و نوسینە (وسمان، محمد:2005: 3).

**1-2: ئەلفبێ پەیوەندی بە نەژادی زمان:**

ئەوەی لێرەدا گرنگە بیزانین، کە ئەلفوبێ پەیوەندیی بە نەژادی زمانەوە نییە، هەر ئەلفوبێیەك بۆ گشـــت زمانێك دەشـێت و دەگونجێت، گرنگ ڕێککەوتنی گشـتییە کە بڕیاری لەسـەر بدرێت، هەروەکو لەسـەرەوە خراوەتەڕو، زۆربەی هەرە زۆری ئەو ئەلفوبێیانەی ئێسـتا لە جیهاندا بەکاردێت لە بنەڕەتدا بۆ ئەم زمانانە دانەنراون و لەزمانی ترەوە وەرگیراون، ئەلفوبێی زمانی ئینگلیزی و جەرمەنی و فەڕەنسی ــ و زۆربەی زمانە ئەوروپیەکانی تر لە لاتینیەوە وەرگیراون. لاتینی لە ئەرسـتۆکراتیەوە و ئەرسـتۆکراتی لە گریکییەوە و گریکی لە فینیقییەوە فینیقی لە سـامییەوە و سـامی لە هێرۆگلیفییەوە وەرگیراوە(David R: 2023: 2). ئەلفوبێی روسی لە سـیریلیکییەوە سـیریلیکی لە گیریکییەوە گریکی لە فینیقییەوە فینیقی لە سـامییەوە ئەویش لە هێرۆگلیفیەوە وەرگیراوە، ئەو ئەلفبێیانەی کە ئێسـتا کورد بەکاریدەهێنێت لەڕێی زمانی عەرەبی و لە ئارامییەوە وەرگیراوە و ئارامی لە سـامییەوە و سـامی لە هێرۆگلیفییەوە (مەحمود، سـالار عەزیز:2009، 24).

بەهەمان شـێوە ئەلفێیەکانی تری زمانەکانی تر وەردەگیرێت و دەسـتکاریدەکرێت و دەگۆڕدرێت و دەسـوێ، تا سروشـتی دەنگەکانی زمانە وەرگرتەکەی لێدەنیشـێت و لەگەڵیدا دەگونجێت، بەزیادکردن و لابردنی هەتا ئەگەر دەسـتکاریش نەکرێت ئیشیــ خۆی هەردەکات و دەبێتە ئاسـایی. بۆ نمونە: زمانی فارسی کە زمانێکی زۆر نزیکە لە کوردیەوە ئەلفێی عەرەبی وەرگرتوە بە (فەتحە و زەمە و کەسرە، سـەر و بۆر و ژێر)ەوە بەبێ دەسـتکارییەکی ئەوتۆ، زمانەکەی خۆی بەبێ کێشـە پێ دەنوسـێت، ئەمیش بەهۆی ئەوەی ڕێککەوتنی گشـتی لەسـەر کراوە(نەبەز، جەمال: 1976: 82)

**1-3: مێژوی ئەلفێی کوردی**

دۆزینەوەی هێما و نیشـانەکان (رموز)ی نوسـین بەکۆنترین شـارسـتانیەتی ئادەمیزاد دەمژێردرێت، ئەو نیشـانە نوسـینانەی کە لە شـێوەی ڕەسـم و خەت و هێڵ بون، بونەتە هۆکارێك، کە لە هەر سـەردەمێکیدا مرۆڤ بیروباوەڕی خۆی لەڕێگەیەوە پیشـاندواە. بۆ هەر زمانێك کۆمەڵە پیتێك (ئەلفبێیەك) لەجیاتی دەنگەکانی زمانێك بەکارهاتوە. مێژوی نوسینی ئەلفوبێی کوردی پۆلێنی سەر سێ بەشکراوە:

**1-1-3:ئەو نوسینە کوردیانەی تەنها بەپیتی عەرەبی نوسراون، نەك بەتەواوی ئەلفێی کوردی.**

دو بەیتەکانی (بابەتاهیری عوربانی) (935- 1010) دەتوانین بە دەسـتپێکی ئەو هەوڵە دابنێین. هەندێك دەڵێن ئەو شـــیعرانە بە ئەلفێی فارسی نوسراون، جا ئەگەر ئەم ڕایە ڕاسـتیش بێت، ئەوە ئەلفێی فارسی هەنگاوێك لە ئەلفێی عەرەبی لە کوردییەوە نزیکترە، چونکە هەندێ پیتی کوردی و فارسی (ئەوانەی لەعەرەبیدا نین) وەك یەکن)( ناوخۆش، سەلام و ئەوانی تر: 2016: 107).

جگەلە بابەتاهیری هەمەدانی چەند نوسـەرێکیی تریش، کە بەرهەمەکانیان بە پیتی عەرەبی داناوە وەك:(کتێبە ڕێزمانییەکەی عەلی تەرەماخی، کە لەنێوان سـالی 1591- 1592زایینی) ڕێزمانی عەرەبی بەزمانی کوردی نوسـیوە (هۆگر تاهیر تۆفیق، نەریمان عەبدوڵلا کەریم: 2009: 16،17).

**3-1-2: ئەو نوسـینانەی هەندێك لە پیتە کوردییەکانیان بەشـێوەی جیاواز لە ئێسـتا بەکارهێناوە، بەتەواوی ڕزگاریان نەبوە لە (سەر، بۆر، ژێر)**

(بەپێتی ئەوەڵ و ئاخیر) (تذکرة العوام)ی سـەعید عەبدوڵڵا موکری لەسـالی 1191ی کۆچی بەرامبەر 1784زاییني نوسراوە، نوسەر لە هەندێ شوێن (ه، ر، ی) لەبری (سەر) و (بۆر) و(ژێر)بەکارهێناوە) (ناوخۆش، سەلام و ئەوانی تر: 2016: 108)، هەروەها (خەلیلی خەیالی) یەکێك بو لەو کەسـانەی کە باس و خواسی نەتەوایەتی و هزری نەتەوایەتی هێناوەتە بەرباس و ئەوینی کوردایەتی لە گرنگی بە هەسـتی نەتەوایەتی داوە، کتێبەکەی بەناوی (ئەلفایێی کرمانجی) بەبونیادنەری ئەلفبێێ کوردی بە پیتی عەرەبی دادەنرێن)(کەریم، نەریمان عەبدوڵلا:2016: 44،45).

**3-1-3:ئەو نوسینانەی لە دوای سەدەی بیستەمەوە هێور هێور بەهەندێ گۆڕانکاری بچوکەوە لەگەڵ ڕێنوسی ئێستا تەواو لەیەك دەچن.**

هەر لەسەرەتای دامەزراندنی حوکمەتەکەی شێخ مەحمود و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق زەمینەیەکی لەبار ڕەخسا بۆ بڵاوبونەوەی کۆمەڵێك ڕۆژنامەو گۆڤار لە گرنگترینیان (گۆڤاری دیاری کوردسـتان 1925- 1926) و (گۆڤاری گەلاوێژ 1939- 1949) و (گۆڤاری هەتاو)، کە لەنوسـینەکانیان پەیرەوی ئەلفبێی کوردییان کردوە، دەیان وتار و ڕۆژنامەو گۆڤاریان بەزمانی کوردی بڵاوکردەوە. پیتەکانی ئەلفوبێی زمانی کوردی کە ئەمانەبون)(ا، ب، ت، ج، ح، خ، چ، د،ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ك، گ، ل، ڵ، م، ن ، ه، و، ۆ، ی،ێ) (ناوخۆش، سەلام و ئەوانی تر: 2016: 109). عومەر مارف بەرزنجی لەبارەی ئەحمەد عزیز ئاغا دەڵێت: (کتێبی ئەلفبێی هەبوە و لە قوتابخانەکان خوێندراوە، ئەحمەد عزیز ئاغا بەیەکێك لە کەسایەتییە ڕۆژنامەنوس و ڕۆشەنبیرەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دادەنرێت)( عوسمان، شنۆ : 2008، 15- 19). هەروەها دکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف لەبارەی ئەحمەد عزیز دەڵێت: (ئەحمەد عزیز ئاغا ئەلفوبێی کوردی بڵاوکردۆتەوە، ئەم کتێبەش دیسـان وێنەی (و، ێ، ڕ، ڵ) تێدانییە)( مارف ، ئەورەحمانی حاجی: 1986، 37). لە پاڵ ئەمەشـدا (حامید فەرەج) لەدوای سـاڵانی (1931- 1932) ئەلفبێیەکی داناوە ،کە پێشـکەوتوتر بوە لەوانیتر کەمتر وتەی عەرەبی بەکارهێناوە، کتێبەکەی بەناوی (الف و بێی کوردی) بو لەلایەن وەزارەتی مەعاریفەوە پەسـەندکراوە، هەروەها ئەو نوسـینانەی کە بە ئەلفبێی کوردی دەنوسران و بڵاودەکرانەوە لە ڕۆژنامەی (پێشـکەوتن) لە سـالی (1920) لە شـاری سـلێمانی ڕۆڵی بەرچاویان هەبوە (فەرەج، حامید: 1976: 16). ئەم پیتانە بونە سەرەتای دەستپێکی ئەلفبێی کوردی، کە لە نوسین و خوێندندا بەکاردەهاتن. لە مێژوی نوسینی کوردیدا، ژمارەی پیتەکانی زمانی کوردی جێگەی مشتومڕبوە، هەر زمانناسێکی کورد ژمارەیەکی داناوە:

1– تایەر سادق ژمارەی پیتەکانی کوردی بە (34) پیت داناوە.
2– تەوفیق وەهبی ژمارەی پیتەکانی کوردی بە (40) پیت داناوە.
3– شێخ محمدی خاڵ ژمارەی پیتەکانی کوردی بە (27) پیت داناوە.
4– قەناتی کوردۆییف ژمارەی پیتەکانی کوردی بە (36) پیت داناوە.
5– جەلادەت بەدرخان ژمارەی پیتەکانی کوردی بە (31) پیت داناوە.
6– گیو موکریانی ژمارەی پیتەکانی کوردی بە (32) پیت داناوە.
7– جەمال نەبەز ژمارەی پیتەکانی کوردی بە (35) پیت داناوە .
8– کەمال فوئاد ژمارەی پیتەکانی کوردی بە (34) پیت داناوە.

9- فازیل نیزامەدین ژمارەی پیتەکانی کوردی بە(31) پیت داناوە.

10- هەژار موکریانی ژمارەی پیتەکانی کوردی بە (31) پیت داناوە. (ناوخۆش، سەلام و ئەوانی تر: 2016: 103)

**1-4: جۆرەکانی ئەلفوبێی زمانی کوردی**

هەر سەرچاوەیەك بە جۆرێك لە جۆرەکان، جۆرەکانی ئەلفبێیان دەستنیشانکردوە، ئێمە لێرەدا چەند جۆرێك دەخەینەڕو:

**1-1-4: ئەلفبێی بزماری (مسماري)**

ئەم جۆرە ئەلفوبێیە بۆ بەکارهێنانی ئەلفبێی مسماری دەگەڕێتەوە بۆ میدییەکان، کە لە (26) پیت پێکهاتوە و لە ڕێگای ئەوانیشەوە هاتە وڵاتی ئێران و زمانی فارسی، ئەمانیش لە ئۆراتییەکانەوە وەریانگرتبو، بەڵام (6) پیتتریان بۆ زیادکردبو بەم پێیە ژمارەی پیتەکانی بو بە (42) پیت(دزەیی، عبدالواحید موشیر:2011: 107)

**2-1-4: ئەلفبێی ئێزیدی**

ئێزیدییەکان خاوەنی دو کتێبی پیرۆزن، ئەوانیش کتێبەکانی (جیلوە) و (مەسحەفارەش)، کە هەردوکیان بەزمانی کوردی و ئەلفبێی ئێزیدی نوسراون. ئەلفبێی ئێزیدی لە (31) پیت پێکهاتوە. لە ڕوی مێژوییەوە (جیلوە) و (مەسحەفارەش) بۆ سەدەکانی (یازدە) و (دوازدە)ی زایینی دەگەڕێتەوە). (نەبەز، جەمال:1976: 84).

**3-1-4: ئەلفبێی ئاڤێستایی**

ئەم جۆرە ئەلفبێیە میدییەکان بەشێوەیەکی فراوان ئەلفبێی ئاڤێستاییان بەکارهێناوە، کە لە(44) پیت پێکهاتوە، هەندێکیان دەڵێن لە (48) پیت پێکهاتبو، کە لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەنوسراو بەم ئەلفبایەش، ئایینی زەردەشتیان نوسیوەتەوە بە تایبەتی کتێبی پیرۆزی ئاڤێستا، مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەوتی پێش زایین(دزەیی، عبدالواحید موشیر: 2011، 107).

**4-1-4: ئەلفبێی ماسی سۆراتی(بینۆشاد)**

ئەلفبێی (ماسی سۆراتی)، یان (بینۆشاد) ئەلفوبێیەکی ڕەسەنی زمانی کوردییە، هەمو سەرچاوەکان ئاماژە بۆ یەك سەرچاوە دەکەن، کە باسی ئەو ئەلفوبێیەی کردبێت، ئەویش کتێبێکە بەناوی (شوق المستهام فی معرفه رموز الاقلام)، کە هی (ئەبوبەکر ئەحمەد کوڕی وەحشییەی نەبەتی کلدانی)یە. ئەبوبەکر ئەحمەدکوڕی وەحشییە لە نامەکەیدا بۆ (عەبدالملیك کوڕی مەڕوان)ی خەلیفەی ئەمەوی دەنوسێت (کوردەکان زۆربەی نوسراوەکانی خۆیانیان بەخەتی ماسی سۆراتی دەنوسنەوە) هەندێ لە مێژونوسان پێیانوایە، کە ئەم خەتە بۆ(2800) ساڵ بەر لە زایین دەگەڕێتەوە . ئەم خەتە (37) پیت لەخۆدەگرێ. (کەریم، نەریمان عەبدوڵلا:2016: 23، 24).

**5-1-4: ئەلفبێی پەهلەوی**

یەکێکە لە ئەلفبێیە کۆنەکانی زمانە ئێرانییەکان، لە بنەڕەتدا دو جۆری هەیە، پەهلەوی ئەشکانی و پەهلەوی ساسانی، هەردو جۆری ئەلفبێیەکە لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەنوسرێت، بەشێك لە شارەزایان پێیانوایە ئەلفوبێی پەهلەوی هەمان ئەو ئەلفوبێیە کە ئاڤێستای پێنوسراوە، بەڵام ئەمە ڕاست نییە، پەهلەوی لەگەڵ ئاڤێستا دو ئەلفوبێی جیاوازن، ئەگەرچی زۆریش لەیەکەوە نزیکن، بەجۆرێك هەندێك لەشارەزایان پێیانوایە (پەیوەندی نێوان پەهلەوی و لەگەڵ ئایینی ئیسلام) بەجۆرێ هەر کە ئێرانییەکی زەردەشتی دەبو بە موسڵمان، بەتەواوەتی لە کتێبی پەهلەوی دوردەکەوتەوە،

لەبەرئەوەی ئەم ئەلفبێیە نەك تەنیا زۆر زەحمەت و گران بو، بەڵکو خوێندن و فێربون تەنیا مافی پلە هەرە بەرزەکانی چینی کۆمەلایەتی شازادە بو(کەریم، نەریمان عەبدوڵلا:2016: 30،29).

### 6-1-4:ئەلفێی گریلی (سلاڤی)

ئەم ئەلفوبێیە لەسەر شێوازی ئەلفوبێی گریلی ڕوسی دروستکراوە، لەگەڵ زمانی کوردی گونجێنراوە، لەلایەن کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشو بەکاردەهێنرا. لەم بارەوە کۆمەڵێ ڕۆشنبیر ڕۆڵیان هەبوە لەدروستکردن و بەکارهێنانی ئەم ئەلفبێیە، لەوانە: (حاجی جوندی، شاکرمحۆ، عەرەبی شەمۆ، شاکرخدر، ئەمین عەبداڵ، ....هتد). هەربۆیە لەیەریڤانی پایتەختی ئەرمینیا ڕۆژنامەیەکی کوردی بەپیتی سلاڤی لەژێر ناوی (ڕیا تازە) دەرچوە (تۆفیق، هۆگر تاهیر و کەریم، نەریمان عەبدوڵلا:2009: 66، 67). هەروەها (لەساڵی (1913) (حاجی جوندی) ئەلفوبێی سلاڤی (کریلی) لە نامیلکەیەکدا چاپیکردو ناوی نا (کتێبا ئەلفبا). (فەرەج، حامید:1976: 25، 26).

### 7-1-4: ئەلفێی ئەرمەنی (لازۆ)

ئەلفوبێی ئەرمەنی یان ئەلفوبێی (لازۆ)شی پێدەوترێت، لەساڵی (1921) کەسێکی ئەرمەنی کە ناوی (هاگوب گازریان) (1869- 1936) نازناوی (لازۆ)بو، لەگەڵ ژنەکەی کەناوی (ئولگا گازریان)بو، هەردوکیان قوتابخانەیەکی کوردییان لەشاری (تەبلیس)ی پایتەختی جۆرجیا دامەزراند، ئەم کارەشیان بەپاڵپشتی حکومەتی سۆڤیەتی بو، ئەوەبو(لازۆ) ئەلفوبێیەکی کوردی بەپیتی ئەرمەنی دانا، هەروەها پەرتوکێکیش بەزمانی کوردی لەمەڕ شێوازی ئەم ئەلفوبێیە لەساڵی( 1921) لەژێر ناوی (شمس- ڕۆژ) بەچاپگەیاند، هەروەها (لازۆ) خۆی لەم قوتابخانەیە زمانی کوردی بەقوتابییە کوردەکان دەوتەوە، چەندەها ڕۆشنبیریان لێدەرچو لەوانە: (قەناتی کوردۆ)ئەم قوتابخانەیە چەندەها ساڵ لەخزمەتکردن بەردەوام بو). (تۆفیق، هۆگر تاهیر و کەریم، نەریمان عدبدوڵلا: 2009: 65-68).

### 8-1-4: ئەلفێی عەرەبی

ئەم ئەلفبێیە جگە لە ناوی ئەلفێی عەرەبی، بەچەندین ناوی تریشەوە ناودەبرێن، لەوانە هەندێ کەس بە ئارامی و هەندێکتر بەکەنعانی ناودەهێنن. زۆر ڕاوبۆچون لەبارەی مێژوی ئەلفێی عەرەبی لێرە و لەوێ بە درێژایی مێژو نوسراون، بۆچونی زۆربە لەسەر ئەوەیە،کە سەرەتای دەرکەوتنی ئەلفێی عەرەبی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چوارەمی زایینی، سەرچاوە مێژوییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە پێش هاتنی ئیسلام سێ جۆرە ئەلفبێ لەناو عەرەبدا هەبون: لە باشوری نیمچە دورگەی عەرەبی ئەلفبێیەك هەبوە ناسراوە بەخەتی (مەسنەد)، لە(شام)یش ئەلفێی(فینیقی) هەبوە، هەرچی لەحیجازە ئەوە ئەلفێی (سریانی) هەبوە (ناوخۆش، سەلام و ئەوانی تر: 2016: 98،99) پیتەکانی زمانی عەرەبی بریتین لەم پیتانەی خوارەوە کە لە(28) پیت پێکهاتون: (ا، ب، ت، پ، ح، ج، خ، د، ژ، ر، ز، س، ش، ص، چ، گ، ڤ، ع، غ، ف، ق، ك، ل، م، ن، و، ه، ی). تەنها(21) پیتیان بۆ زمانی کوردی گونجاوە، بەڵام (7)یان بۆ زمانی کوردی ناگونجێن کە ئەمانەن ( پ، ژ، ص، چ، گ، ڤ،ع). (ئەکادیمیایی کوردی:2009: 9).

### 9-1-4: ئەلفێی لاتینی

کۆنترین نوسین کە بە ئەلفێی لاتینی نوسرابێت، مێژوەکەی بۆ سەدەی شەشەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە. ئەو نوسینەش لە ئەلفێی (ئەتروسکان) لەسەدەی حەوتەمی پێش زایین وەرگیراوە، لەسەرەتا ئەلفبێی لاتینی ژمارەی پیتەکانی(21) پیت بون، لەپاش داگیرکردنی یۆنان، پیتەکانی ئەلفوبێی لاتینی لە (21) پیت بون بە(23) پیت، لەلاتینی ناوەڕاستدا بوەتە(26) پیت. سەبارەت بەدامەزرێنەری ئەلفوبێی لاتینی لەناو کوردان بۆچونی جیاواز هەیە هەندێك

دەڵێن: (لوتفی فیکری) دامەزرێنەری کۆمەڵەی کوردستانی خۆشەویستان لەساڵی (1912) هەوڵیداوە ئەلفبێیەکی لاتینی کوردی دابنێت. لەلایەکی تر (فائیزبەگ)و (عەبدوللاجەودەت) لەساڵی (1913) کاریان بۆ ئەو جۆرە ئەلفوبێیە کردوە. لەباشوری کوردستانیش ئاماژە بە(شوکری فەزلی) شاعیر دەکرێ( ناوخۆش، سەلام و ئەوانی تر:2009: 120-122).

**5-1: مێژوی ئەلفبێی زمانی کوردی و قۆناغەکانی**

زمانی کوردی لە ڕوی مێژوەوە بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، لەوانە:

**5-1-1:قۆناغی زمانی کوردیی کۆن**

(700پ.ز) تاکو(550پ.ز) سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی میدیا و کۆتایی دەوڵەتی هەخامەنشی، دەگرێتەوە (عبدالرحمان زەبیحی: 1367ك: 22) بەڵگەی نوسراو (ئاڤێستا)یە، کە بە شێوەی کۆنی کوردی نوسراوەتەوە و ژمارەی پیتەکانی (60) پیتە، بریتییە لە سرود(گاتا)ی ئایینی زەردەشتی، لەلایەن زەردەشتەوە گوتراوە و بریتییە لە (21) سرودی ئایینی(هەورامی، محمد امین:1990: 24).

**5-1-2: قۆناغی زمانی ناوەند**

ئەم قۆناغە لە (300ی پ.ز) لە ئەشکانییەکانەوە دەستپێدەکات، کە وڵاتەکەیان خۆراسانی ئەمڕۆ دەگرێتەوە (زبیر بیلال اسماعیل: 1984: 11)، ئەم قۆناغە دو بەشە، بەشی یەکەم (پەهلەوی ئەشکانی)یە، لە ساڵی (300پ.ز ـ 226 پ.ز)، کۆنترین بەڵگەی نوسراویان ئاڤێستایە، کە لەسەر پێستی ئاسك نوسراوەتەوە، لە چیاکانی هەورامان دۆزراوەتەوە. بەشی دوەم (پەهلەوی ساسانی)یەکانە لە ساڵی (227 پ.ز) دەستپێدەکات، تا هاتنی ئایینی ئیسلام سەدەی (7ی زایینی) بە فەرمانی ئەردەشێر جارێکی تر ئاڤێستا نوسراوەتەوە و کراوە بە ئایینی ڕسمی دەوڵەت(زەبیحی، عبدالرحمان: 1367ك: 27).

**5-1-3: قۆناغی شێوەزاری زمانی کوردی**

ئەم سەردەمە دوای ڕوخانی ساسانییەکان دوای دو سەدە لە سستی زمانی کوردی و زمانە ئێرانییەکان، واتە سەدەی حەوتەم و هەشتەم تەنها زمانی ئاخاوتن بوە و زمانی نوسین و ئەدەبیات بە عەرەبی بوە، ئەم زمانانە پاشەکشەیان کردوە، بەڵام کورد و ئێرانییەکان لە سەدەی نۆیەمی زایینی بەهۆی زیندوبونەوەی گیانی نەتەوایەتی گەڕاونەتەوە سەر زمانی نەتەوایەتی، فیردەوسی لە سەدەی نۆیەم داستانی (شانامە) دەنوسێتەوە، بەڵگەی نوسراوی کوردیش چوارینەکانی باباتاهیری عوریانە، کە بە لوڕی نوسراوەتەوە، لێرەوە قۆناغی شێوەزاری زمانی کوردی دەستپێدەکات. (شوانی، ڕەفیق: 2008: 129).

**5-1-4: قۆناغی زمانی نویێ:**

لای هەندێك بە سەرەتای سەدەی بیستەم دادەنرێت، بەڵام هەندێکیتر پێیانوایە لەگەڵ دەرچونی ڕۆژنامەی کوردستان لە(1898/4/22) وەکو ڕوداوێکی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی بۆ مێژوی نەتەوەی کورد و بۆ زمانەکەی دەستپێدەکات، پاشان بە بژارکردنی زمانی کوردی لە وشەی بێگانە، قۆناغێکی تری زمانی کوردی دەستپێکرد، دەکرێت بەوەرچەرخانێکی مێژویی هەژمار بکرێت (محمود، سالار عەزیز: 2009: 24،25). چونکە لەم قۆناغەدا زمانی کوردی لەزمانی شیعرەوە دەوری زمانی نوسینی بینیوە، کە زمانێکی ڕۆژنامەگەری جۆراوجۆری وەك زمانی نوسینی وتاری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، ئاینی، ئەدەبی، مێژویی و زمانی ڕاگەیاندن بوە، بۆیە پێویستە مێژوی دەرچونی ڕۆژنامەی کوردستان بکریت بەقۆناغی نوێی زمانی کوردی، کە لەم سەردەمەدا زمانی کوردی بەرەبەرە بوژایەوە،

سەرەتای گرنگیدانبو بە زمانێکی پوخت(شوانی، ڕەفیق: 2008: 128). بەمەش لەبەشی داهاتو تیشك دەخەینە سەر ئەمجۆرە ئەلفوبێەی کە لەو سەردەمە بەکارهاتوە و بەراوردی دەکەین لەگەڵ ئەلفویێی ئیستای زمانی کوردی" بەخستنەروی لێکچون و جیاوازییەکان.

## بەشی دوەم

### 2-3: ڕۆڵی زمانی کوردی لە ڕۆژنامەی کوردستاندا

زمانی کوردیش وەکو زمانەکانی تر بەپێی تێپەڕبونی کات هەر ماوەیەك شێوەزارێك باڵادەستی هەبوە، کە ئەمەش لەکایە گرنگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بەکارهاتوە، بۆنمونە بەکارهێنانی زمان لەبواری زمانی نوسینی ڕۆژنامە گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەم ئەلفبێەی ڕۆژنامەی کوردستانی پێ نوسراوەتەوە جێگەی بایەخی ئەو سەردەمەبوە، ئەگەرچی بەتەواوی ئازادی نەبوە لە(سەر، بۆر، ژێر) زمانی عەرەبی کاریگەری زمانی فارسی و تورکی، کەچی تارادەیەك هاوسەنگی خۆی پاراستوە، مۆرکی کوردانەی پێوە دیارە، دکتۆر کەمال فواد لەژمارە(180)ی ڕۆژنامەی ڕوناکی ئەوەی خستۆتەڕو: کە بە(شێوە زاراوەی کرمانجی شێوەی جەزیرەی بۆتان بوە، پیتەکانی زمانی عەرەبی لەسەر تەرزی فارسی چاپدەکرا) (جباری، عبدالجبار محمد: 1970: 63).

بەپێی قوناغەکانی ئەلف و بێی زمانی کوردی ئەم قۆناغە بەقۆناغی شێوەزارەکانی زمانی کوردی دادەنرێت، کە تیایدا گرنگی بەزمانی نەتەوەیی دراوە. لەلایەن دەستەیەکی ڕۆشنبیر و نیشتمان پەروەر لەنوسەر و شاعیرەکان، هاوبەشی نوسینەوەیان کردوە، بەتایبەتی ئەو نوسەر و شۆڕەشگێرانەی کە بەشداری شۆڕەشەکانی کوردیان کردوە، لەگەڵ ئەو قوتابییە دڵسۆزە کوردانەی لەزانکۆکانی قاهیرە و ئەستەنبۆل دەیانخوێند، ئەمە و خوێندەوارە زرنگەکانی بنەماڵەی بەدرخانییەکان کە ئەوپەری خزمەتیان گەیاندوە، هەوەها شاعیری نیشتمانپەروەر(حاجی قادری کۆیی) (جباری، عبدالجبار محمد: 1970: 64).

پێش دەرچون و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان زمانی کوردی بۆ ئاخاوتن و هۆنینەوە و شیعر بەکاردەهێنرا، جگە لەعەقیدەنامەککەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی و مەلود نامەکەی شێخ حوسەینی قازی بەکرمانجی خوارو، چەند نوسینێکی مێژویی و فۆلکلۆری مەلا مەحمودی بایەزیدی بەکرمانجی سەرو، بەرهەمێکی تر نییە بەئەلفبێی ئەم زمانە نوسرابێت و ئێستا لەبەردەستدا بێت، خوێندەوارانی کورد لە ناو خۆیاندا بۆ نامە نوسین زمانی فارسی و تورکیان بەکاردەهێنا، ڕۆژنامەی کوردستان سەرەتای دەستپێکردنی نوسینی بابەتی سیاسی و ئەدەبی و کۆمەلایەتی و مێژوییە بەزمانی کوردی(ئەمین، نەوشیروان مستەفا: 2013: 52).

بەهۆی ئەوەی ڕۆژنامەی کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردییە کە لە 22ی نیسانی 1898 لە قاهیرەی پایتەختی میسر لە لایەن میقدات مەدحەت بەدرخان دەرچو، ئەم ڕۆژنامەیە (15) ڕۆژ جارێك دەردەچو و ژمارەی لاپەرەکانیشی (4) لاپەڕە بو، سەرەتا لەقاهیرە و دواتر لە ژنێف و لەندەن و شاری ڤۆلکستنی بەریتانیا بڵاوکرایەوە(فوئاد، کەمال: 2000، 12)، لەو ڕۆژنامەیەدا نامەی خوێنەرانی هەرچوار پارچەی کوردستان بڵاوکراوەتەوە بەهۆی بارودۆخی ناخۆشی کوردستان و بارودۆخی جیاوازی سەرنوسەرو خاوەن ئیمتازەکانی ڕۆژنامەی کوردستان هەر ژمارەی لە شار و شوێنی جیاواز و کاتی جیاواز و چاپخانەی جیاواز دەرچون، کە دواین ژمارەی ڕۆژنامەکەش لە (14)ی نیسانی 1902 لە ژنێف دەرکرا(جباری، عبدالجبار محمد: 1970: 61).

## 2-4: ئەلفوبێی ئێستای زمانی کوردی

ئەم ئەلفبێیەی لەم توێژینەوەیەدا بەراوردکراوە لەگەڵ ئەلفبێی ڕۆژنامەی کوردستان، ئەلفبێی ئەکادیمیای کوردییە وەکو نمونەی ئەلفبێی ئێستای زمانی کوردی، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

ئ ← ئەلف
ب ← دەربڕین
پ ← پسپۆڕ
ت ← تایبەت
ج ← سەرنج
چ ← چارە
ح ← حاجی
خ ← خۆیان
د ← دەربڕین
ر ← چارەسەر
ڕ ← ڕۆژنامە
ز ← بزوێن
ژ ← لێژنە
س ← سەرنج
ش ← شارەزا
ع ← عیراق
غ ← قۆناغ
ف ← فراوان
ق ← قەڵەم
ڤ ← شڤان
ك ← کوردستان
گ ← گرفت
ل ← لایەن
ڵ ← لەگەڵ
م ← مامۆستا
ن ← نوسین
ه ← هەرێم
و ← وریا
وو ← نووسین

ۆ ← پرۆژە

ێ ← ڕێنوس

ی ← یاری

ا ← ئاو

ھ ← نیوە . (ئەکادیمیای کوردی: 2009: 11)

بەهۆی ئەوەی تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم زمانی کوردی تەنها زمانی گفتوگۆ و شیعر بوە نەك نوسین، بۆیە دەرچونی ڕۆژنامەی (کوردستان) لەساڵی 1898دا بایەخێکی تایبەتی هەیە لە مێژوی زمان و ئەدەبی نەتەوەکەماندا.

**2-5: پیتەکانی ئیستای زمانی کوردی لە ڕۆژنامەی کوردستانیشدا هەن**

| پیتەکانی زمانی کوردی | نمونەی لەئیستای زمانی کوردیدا | نمونەی لە ڕۆژنامەی کوردستان |
|---|---|---|
| ئ | ئەلف | - |
| ب | دەربڕین | دنیا |
| پ | پسپۆڕ | پاشا |
| ت | تایبەت | تعالى |
| ج | سەرنج | سالى |
| چ | چارە | چقاس |
| ح | حاجی | حمد |
| خ | خۆیان | خدى |
| د | دەربڕین | دامە |
| ر | چارەسەر | لکودري |
| ڕ | ڕۆژنامە | - |
| ز | بزوێن | زیدەتر |
| ژ | لێژنە | باژیر |
| س | سەرنج | سالین |
| ش | شارەزا | شکر |
| ع | عیراق | علما |
| غ | قۆناغ | قنجیا |
| ف | فراوان | فلە |
| ق | قەڵەم | قنج |
| ڤ | شڤان | ڤ |
| ك | کوردستان | کریە |
| گ | گرفت | گوند |
| ل | لایەن | لوما |

| | | |
|---|---|---|
| ڵ | لەگەڵ | - |
| م | مامۆستا | مسلمان |
| ن | نوسین | ناڤ |
| هـ | هەرێم | هزار |
| و | وریا | وی- دولتی |
| وو | نووسین | - |
| ۆ | پرۆژە | - |
| ێ | ڕێنوس | - |
| ی | یاری | یکثری- جامیرن |
| ا | ئاو | نها |
| ە | نیوە | بکە |

خشتەی ژمارە(2) بەراوردی پیتەکانی ئیستای زمانی کوردی کەلەڕۆژناهمەی کوردستانیشدا هەن.

ئەگەرچی زۆربەی پیتەکانی ئیستای زمانی کوردی لەڕۆژنامەی کوردستاندا بونی هەیە، بەڵام چەند پیتێکیش بەم شێوەیەی ئێستا نین لەوانە (ئ) وەکو لەوشەی (ئەلف)، کە لەڕۆژنامەی کوردستان (ا) بەکارهاتوە، ئەمەش بەهۆی کاریگەریی ڕێنوسی زمانی عەرەبی (سەر و بۆر)وەردەگرێت(اَ، اُ) لە وشەکانی(اَنکو، اُون) هەروەها پیتی(ڕ)یش لەڕۆژنامەی کوردستان بەشێوەی جیاوازتر، بە(کسرة)ئاماژە بۆ حەوتی ژێر ڕایەکە (رِ)کراوە لە وشەی(باژیرِ). پیتی(ڵ) لامی قەڵەو لەڕۆژنامەی کوردستان بونی نییە. هەروەها پیتەکانی(و، ۆ، ێ) بۆنمونە (و) بەمشێوە ئاماژەی بۆ کراوە(دُون) بەشێوەیەك پیتی (و) لەگەڵ بۆر(ضمة) لەبری واوی درێژ بەکارهاتوە، پیتەکانی(و) لەبری پیتی(ۆ)، (ی) لەبری (ێ)بەکارهاتوە لەوشەی(مروڤ)،(باژیرِ) ئەگەرچی وەك دەنگ بونی هەیە، بەڵام لەنوسین نییە و ئاماژەی بۆ نەکراوە وێنەی تایبەتی نییە.

**2-6: ئەو پیتانەی لەزمانی کوردیدا نین**

لەخوارەوە بەچەند تەوەرێك ئەو پیتانە دەخەینەبەرچاو، ئەوەی کە لە زمانی ئێستای کوردیدا نین و لە ڕۆژنامەی کوردستان بەکارهاتون:

**1-2-6: ئەو پیتانەی لە زمانی عەرەبیدا هەیە**

ؤ ← مؤمن
ص ← صد
ذ ← باِذنا
ط ← سطوُی
ال ← السلام
ي ← کاغذي
آ ← تأمین

هً ← واقعةً
اً ← تعميماً
ط ← طوب
ض ← حاضر
أ ← مأ مورينك

## 6-2-2: ئەو پیتانەی سەرە یان بۆدانراوە (فەتحە یان هەیە )

لَ ← لَوما
وَ ← ذوَه
خَ ← خَوی
آ ← آز
كَ ← حكَمي
رَ ← رَبنا
قَ ← قَوماْ
هَ ← هَكي
حَ ← حَمياده
وَ ← چا وَ
عَ ← عَلمه
دَ ← دَركتنه
اَ ← خيراَ
يَ ← يَكثيرى
فَ ← فَيْدا
زَ ← زَمان
طَ ← طَازي
ءَ ← انشاءَ

## 6-2-3: ئەو پیتانەی زەنەیان بۆ دانراوە و وەستاون (سكونيان هەيە )

وْ ← قُوْما
كْ ← گلكْ
نْ ← گو نْد
رْ ← درْ
اْ ← عَلماْنِا
شْ ← تيشْتْ

ثْ ← تيشْتْ

زْ ← أُزْهاتم

هْ ← ذ بَدَهَ

مْ ← أمْ

يْ ← فيْدا

بْ ← ترْبْ

ذْ ← ذْخْلِ

دْ ← اندْلس

يْ ← خَويْ

### 6-2-4: ئەو پیتانەی ژێرەیان بۆ دانراوە (کەسرەیان هەیە )

لِ ← لِكودرى

دِ ← دِعَلمه

ذِ ← خلكى

نِ ← نِكن

تِ ← حضرتِ

هِ ← هِنكي

يِ ← نسيِن

مِ ← مِقام

شِ ← شِر

اِ ← اِول

فِ ← شفِاف

وِ ← وِي

يِ ← خانى يِ

كِ ← كِريه

حِ ← حِذ

زِ ← أزِى

طِ ← وطِن

جِ ← جِه

ظِ ← ناظِ

ةِ ← گنةِ

### 6-2-5: ئەو پیتانەی بۆریان (زەمەیان هەیە)

خُ ← خُدی

كُ ← كُرد

وُ ← عوُلي

گُ ← گُنهی

طُ ← سطُوی

دُ ← دُوهذار

شُ ← دشُغُیلن

غُ ← دشُغُیلن

لُ ← أندلُس

تُ ← تُنبی

رُ ← رُم

**6-2-6: هەندێ دەنگیتر**

وًّ ← عوًّلیده

تَّ ← حبَّ الوطن

اًّ ← حیاًّ

يَّ ← حیاًّ

زَّ ← تجزَّو

وَّ ← مشوش

**ئەنجام:**

1- ئەلفبێی کوردی مێژوویەکی دورودرێژی هەیە، هەمیشە بێگانە ڕۆڵی هەبوە لەوەی کە نەتوانێت بەزمانی خۆی قسەبکات و بنوسێت، داگیرکەرەکان ویستویانە لە ڕێگەی گەشەنەکردنی زمانەکەیەوە میللەتەکەش بتاوێننەوە لەبۆتەی زمانی خۆیان.

2- ڕۆژنامەی کوردستان وەرچەرخانێك بو لەوەی زمانی کوردی کردە زمانی نوسینی زانستی لەبواری ڕۆژنامەوانی، یەکەم هەوڵە بۆ ئەوەی زمانی کوردی بەرەو پێشەوە بەرێت.

3- ئەلفبێی ڕۆژنامەی کوردستان ئەگەرچی کاریگەری زمانی تری بەسەرەوەیە، بەڵام بەردەوام هەوڵی ئەوە دراوە ڕزگاربکرێت لە کاریگەرییەکان بەتایبەت ئەلفبێی زمانی عەرەبی، زمانی کوردی بەهۆی زیندویی زمانەکەیەوە، توانیویەتی هەژمونی خۆی بسەلمێنێت بەسەر زمانەکانی تر بەتایبەت زمانی عەرەبی بەهۆی ئەوەی یاسای فۆنۆلۆجی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەمە وایکردوە ئەگەرچی هەندێکجار پیتی عەرەبیشی بەکارهێناوە، بەڵام بەکاریگەری یاسا فۆنۆلۆجییەکەیەوە شێوازێکی کوردی پێشانداوە.

4- ئەگەرچی ئەو ئەلفوبێیەی بەکارهاتوە، نەیتوانیوە بەتەواوی ڕزگاری بێت لە زمانی بێگانە، بەڵام توانیویەتی لەو سەردەمە بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکانی سود لە پیتەکان و (سەر، بۆر، ژێر...هتد)ی زمانی عەرەبی وەربگرێت و

بیخاتە ژێر هەژمونی یاسا فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردییە. کە ئەمەش بەخاڵێکی هەرە گرنگ هەژماردەکرێت، لەچوارچێوەی کاریگەری زمانەکان لەسەر یەکتر.

5- نوسەران ڕۆڵی کارایان هەبوە، لەبرەودان و پاراستنی ئەلف و بێیەکی تایبەت بەخۆمان و دور لە بەکارهێنانی هەندێ لە ئەلفوبێی زمانەکانیتر.

**لیستی سەرچاوەکان:**


ئەکادیمیای کوردی(2000)، ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی بەرەو ڕێنوسیکی یەکگرتوی کوردی، چاپی دوەم، چاپخانەی حاجی هاشم- هەولێر.

ئەمین، نەوشیروان مستەفا ( 2013) بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، کتێبی دوەم، بەرگی یەکەم، الدار العربیة للعلوم ناشرون، بەیروت، 2013.

اسماعیل، زبیر بیلال (1984)، مێژوی زمانی کوردی، وەرگێڕانی یوسف ڕەئوف علی، بەغدا، 1984.

تۆفیق، هۆگر تاهیر و عبداللە، نەریمان (2009) ئەلفوبێی کوردی بەپیتی عەرەبی و لاتینی، چاپی یەکەم چاپخانەی هاوسەر، هەولێر.

جباری، عبدالجبار محمد (1970)مێژوی ڕۆژنامەگەری کوردی، چاپخانەی شارەوانی کەرکوك.

دزەیی، عەبدولواحید موشیر (2011)، کوردۆلۆجی، چاپخانەی ماردین- هەولیر، چاپی دوەم.

زەبیحی، عبدالرحمان (1367ك)، قاموسی زمانی کوردی(و،ب) ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی، انتشاراتی صلاح الدین ایوبی، ورمێ.

شوانی، ڕەفیق (2008)زمانی کوردی و شوێنی لەناوزمانەکانی جیهاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانێ، دهۆك.

عوسمان، شنۆ (2008)ئەلف و بێ و ئاسۆکانی مەعریفە، باسیکی پەروەردەو مێژوی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم

فەرەج، حامید (1976)، ڕێنوسی کوردی لەسەدەیەکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغداد، 1976ز.

فوئاد، کەمال (2000) ڕۆژنامەی کوردستان کۆکردنەوە و پیشەکی، چاپی سێیەم، چاپی دەزگای بلاوکردنەوەی بەدرخان، تاران، 2006ز.

کەریم، نەریمان عەبدوڵلا (2016)ڕێنوس و خاڵبەندی، چاپی یەکەم، چاخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر.

مارف، ئەورەحمانی حاجی (1986)، نوسین(ی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، هەولێر.

مەحمود، سالار عەزیز (2009)، کوردۆلۆجی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

ناوخۆش، سەلام ، نەریمان عبداللە، ئیدریس عبداللە(2009)، کوردۆلۆجی، چاپی پازدەهەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات- هەولێر.

ناوخۆش، سەلام و خۆشناو، نەریمان (2016) زمانەوانی، بەرگەکانی( 7،6،5،4)، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

نەبەز، جەمال(1967)، زمانی یەکگرتوی کوردی، بڵاوکراوەی یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، بامبیرگ، ئەلمانیای ڕۆژئاوا.

هەورامی، محمد امین (1990)، ڕێبازی زمانی کوردی، بەغدا.

وەسمان، محەمەد (2005) ڕێسا بۆ فێربونی ئەلفویێ کوردی بەپیتی لاتینی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

David R. Olson: 2023 [Alphabet | Definition, History, & Facts | Britannica]

پاشکۆ


کردستان
١٣١٥
بسم الله الرحمن الرحيم

ژمارە (1)ی ڕۆژنامەی کوردستان